# کۆسپەکانی ئایین لە سەر ڕێگای کوردایەتی و نەتەوایەتی



## ئەمین خەواله رۆژنامەنووس و هەواڵنێر

**٩ی مانگی ژوئین ٢٠١٩ ی زایینی**

ئایین و نەتەوە دوو بابەتی سەرەکی و جیاواز کە هەموو کات بەرانبەر یەکتری و دژی یەکتری ڕاوەستاون و جاری وا هەیە دژی یەکتر و بگرە وەکوو کۆسپ و لەمتەرێك بوونەتە هۆی بە لاڕێدا بردنی خەبات و بزووتنەوەیەکی ڕەوا کە سەرکەوتن و داهاتی چاکی لێ بەدی دەکرا.

لە سەرەتای دامەزرانی شارستانییەت و بەرفراوانی نەتەوەکان ئایین وەکوو کوسپ و ڕێگرێك بووەتە هۆی پەرەنەستاندن و لاوازی نەتەوەکان و لەم نێوانەدا کورد وەکوو کۆنترین نەتەوەی مێژوو و خاوەن شارستانییەتێکی جوان و ڕێك و پێك و ناوچە و میزوپۆتامیایەکی بەرچاو زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە بووەتە قۆربانی نەتەوە و بیر و پروا دواکەوتووەکانی نەتەوەکەی و دواکەوتوویی و دووبەرەکی و بگرە دەیان شەڕی براکوژی لە نێوان خۆیان دا.

سەلاحەدینی ئەییووبی وەکوو سەرۆك عێلێکی خاوەن دەسەڵات و دەست رۆیشتوو زنجیرە میرایەتی ئەییووبیانی لە وڵاتی میسر پێك هێنا بەڵام تەنانەت جارێك دوای مافی کوردی نەکرد و دیفاعی لە مافی ڕەوای نەتەوەکەی نەکرد و تەنانەت لە گەڵ ئەفسەرە پایەبەرزەکانی سۆپاکەی کە زۆربەیان کورد بوون بە زمانی عەرەبی ئاخافتنی کردووە و قەت شانازی بە کورد بوونی نەکردووە و هەموو جارێك باسی لەوە کردووە کە ئەو مۆسوڵمانێکی کوردە کە واتە خزمەتی تەنیا بە ئایین و مەزهەب کردووە و هیچ دڵسۆزییەکی

بۆ نەتەوەکەی خۆی نەبووە.



زۆرن ئەو کەسانەی لە درێژایی مێژوو لە گەڵ ئەوەی بیر و پروای ئایینی و تێکەڵ بە ئیسلام و مەزهەبیان بووە بەڵام ئاستی نەتەوەپەرەستیان هەموو کات لە سەر ئایینەکەیان بووە بۆ وێنە نەمر قازی مۆحەممەد وەکوو هەمووان ئاگادارن و خزمەتی بەڕێزیان لە ئاست نەتەوەکەیان بۆ ساڵانێکی زۆر پایەدارە و ئەمێنێتەوە لە گەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئایینی لە دایك بووە و پەروەردە کراوە بەڵام مێژوو هەتا هەتایە شانازی بە بوونی وەکوو کەسێکی نیشتمانپەروەر ئەکات و ناوی بەرزیان هەتا هەتایە وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار ئەدرەوشێتەوە. دوابەدوای سەرکەوتنی بزووتنەوەی گەلانی بندەستی ئێران و هاتنە سەر کاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی بە یارمەتی و ئەمەگداری نەتەوەی کورد وەك ئاگادارین ڕێبەری ئایینی ئەوان خۆمەینی خوێن ڕێژ فەرمانی خەباتی دژی کوردان ڕاگەیاند و ئەوانی بە نەتەوەیەکی دژی بزووتنەوەی ناڕەواکەی ناودێر کرد لە هەمان کاتدا و دوابەدوای ڕێگەپێنەدانی ڕێبەرانی گەلی کورد بۆ ئەنجۆمەنی پارلەمانی ئەو ولاتە و فەرمانی کوشتن و ئازاردانیان شەڕێکی قورسی ٢٨ ڕۆژە لە گەڵ رژیمی جەنایتکاری خۆمەینی لە نێوان ئەوان و ئۆپۆزیسیونی پارتە دژبەرەکانی ئەو رژیمە لە شاری سنە سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە کە جەماوەری کوردستان و پێشمەرگە گیان لە سەردەستەکانی نەتەوەی کورد بەربەرەکانی و خۆڕاگرییەکی چاکیان لە خۆیان نواند هەتا لە ئاکام دا بە پێشنیاری دەوڵەتی ناوەندی بریاری وتووێژ درا لە نێوان ئەنجۆمەنی بززوتنەوەی ئێران و ڕێبەرانی گەلی کورد پێك هاتوو لە نەمر شێخ عێزەدین حۆسەینی و شەهید دوکتور قاسملوو و سەڵاحی مۆهتەدی و چەن کەسی دیکە و ئەحمەدی مۆفتی زادە ڕێبەری گرووپی ئایینی مەکتەبی قورعان کە خۆیان وەکوو هێزێکی ئایینی شورشگێری و نوێنەری مەزهەبی سوننە و کورد دەناساند. لە لایەکی دیکەش رەفسەنجانی، بەهەشتی وتاڵەقانی وەکوو نوێنەرانی شوورای بزووتنەوەی کۆماری ئیسلامی رژیمی ئێران هاتنە ناوشاری سنە و ئامادەی دانیشتن و کۆبوونەوە بوون لە گەڵ نوێنەرانی گەلی کورد بۆ چارەسەری گرفتەکان و دانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەو گەلە چەوساوە و ستەم لێکراوە. بە وتەی شایەد حاڵێك ڕێزدار دوکتۆر حۆسەین خەلیقی کە خۆی وەکوو بەشداری کۆبوونەوەکە بووە و دواتری وەکوو بیرەوەریەك باسی لێدەکا و دەیگێڕێتەوە ئەحمەدی مۆفتی زادەی وەکوو کەسێکی خەیانەتکار پێش ئامادەبوونی

نوێنەرانی گەلی کورد لە گەڵ بەرپرسانی رژیمی ئێران کۆبوونەوە ئەکات و ئەبێتە بەربەستێك بۆ بە ئاکام گەیشتنی کۆبوونەوەی دووقۆڵی گەلی کورد و نوێنەرانی ئەنجۆمەنی رژیمی ئێران و دواتریش لە چەن شوێن و جێگای جوربەجۆر هەموو کات دەست لە سەر گیرفانی دەکوتێ و دەڵێت خۆدمۆختاری لە گیرفانماندایە و هیچ بەربەستێك نەماوە بەڵام لە ڕاستی دا داهاتی بەرگری قارەمانانەی 28 رۆژی گەلی کورد و جەماوەری نیشتەجێی شاری سنەی زۆر هەرزان بە لایەنی داگیرکەر دۆراند و دواتریش وەکوو خۆی لە بەڵگە و نووسراوەکانی دا لە کتێبی دەربارەی کوردستان باسی دەکات چەندی جار وەبیری دەسەڵاتدارانی هێناوەتەوە کە چەکی و چۆڵی پێشمەرگەی کوردستانی تەسلیمی پادەگانە سەربازیەکانی رژیم کردووە و ئێستا بەرپرسانی رژیم لە شارە کوردەکان فیشەکی پێ نادەن بۆ بەرگری لە سنوورەکانی بە وتەی ئەوان ئێران و بەرگری دژی گەلانی ناڕازی بزووتنەوەی کۆماری ئیسلامی. دواتر جەماوەری دانیشتووی کوردستان بە ڕق و کینەیەکی زۆرەوە ئەو درووشمەیان دووپات ئەکردەوە: "ئەحمەدی مۆفتی زادە – ڕەنجی کوردی بە با دا" و دەیان دروشمی هاوشێوەی دیکە.



لە بەشێك لە کتێبی "کوردەکان چی دەڵێن" لە نووسینی قادر عەبدولا کە هاوکات بووە لە گەڵ هەوڵە بێ ئاکامەکانی ئەحمەدی مۆفتی زادە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات نووسەر باس لەوە دەکات و دەڵێت : دەوڵەتی ئێران هەموو ناوچە کوردنشینەکانی لە ورمێ هەتا سنە کردووەتە سێ پارچە و هەر پارچەیەکی داوەتە دەست بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرەی دەرکەوتە لە توورەکەی ئێمپریالیزم. بوونەوەری یەکەم کەسێکی بەختگەڕاوەیە بە ناوی ئەحمەدی مۆفتی زادە کە گەلی کورد بە گشتی نەفرەتیان لی هەیە و لێی بێزارن، ئەم کەسە کە دەوڵەت پێی دەڵێت عەللامە بە واتی زانا و مامۆستا پری حەوت سەد بۆ هەشت سەد کەسی چەقۆکێش و شەقاوە و بێکار و برسی لە دەوری خۆی کۆکردووتەوە و مانگانە پری هەزار و حەوسەد هەشت سەد تمەنیان پێ ئەدات و بە ناوی لایەنگری کۆماری ئیسلامی لە سنە تا سەردەشت سنوورەکانی دژ کردەوەی پارتە کوردییەکان بۆ کۆماری ئیسلامی پاراستووە و بووەتە بەرەنگاری حیزبە چەکدارەکان و جەماوەری ناڕازی کوردستان.

دواتریش وەکوو ئاگادارین بە هۆی سەرەڕۆیی و داواکارییەکانی لە رژیمی ئێران کەوتە بەر ڕق و کینە و کەم مەیلی دەسەڵاتدارانی ئەو رژیمە و بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر حۆکمی بەندکران و ئەشکەنجەی بە سەر دا سەپا و دواتریش دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر گیانی لە سەر خزمەت بە رژیمی ئێران دانا بەڵام بە داخەوە پەیرەوان و دواکەوتووانی ئایینەکەی رۆژ لە گەڵ رۆژ تەشەنەیان کردووە و بوونەتە مەترسییەکی گەورە بۆ دوا رۆژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەگەری بە لاڕی دابردنی چەن سال خەبات و رەنج و تێکۆشان و چەند هەزار شەهید و گیانبەختکردوو.

لە باشووری کوردستانیش گرووپەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی و دەیان گرووپ و تاقمی هاوشێوە بە رێبەرایەتی کەسانێکی وەکوو عەلی باپیر و مەلا کرێکار بوونەتە کوسپ و رێگر لە ڕێگای خەباتی گەلی کورد و زۆر جار لە سەر پروا ئایینیەکانیان خەیانەتیان بە جەماوەر و پێشمەرگەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێی باشوور کردووە وەکوو خەیانەتی عەلی باپیر و هێنانی کۆمەڵێکی زۆری بەرچاوی چەکدار و پاسدار بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چاوساغی کردنیان لە ساڵەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی کوردانی باشوور بە سەر هێزەکانی رژیمی بەعسی عێراق و ئازاد کردنی ئەو پارچەی کوردستان.

بە داخەوە لە ئێستاش دا بەرتەسکی بیرکردنەوەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووەتە هۆی پێکهاتنی دەیان گرووپی ئیسلامی تۆندئاژۆ وەکوو ئەنساری ئیسلام و ئەنساری سۆننە و سەلەفی و دەیان گرووپی هاوشێوە هەر بۆیەش گرووپە تێرۆریستیەکانی وەکوو ئەلقاعیدە و داعیش زۆر بە ئاسانی خۆیان ئەخزێننە ناو کۆمەڵگا و جەماوەر و جێگای خۆیان ئەکەنەوە و بیر و پروا پیسەکانیان لە دڵی کۆمەڵگا دا جێگر ئەکەن و ئەبنە کۆسپ و بە لاڕێدابردنی خەباتی نەتەوەکەمان و زۆر جار خوازراو یان نەخوازراو خزمەت بە دوژمن و رژیمە داگیرەکەرەکانی وڵاتانی بنیدەستی هەموو پارچەکانی کوردستان وەکوو ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و رژیمی بەشار ئەسەد لە وڵاتی سووریە.

ئە م نوسـتراوە لە سە ر سایتی کورد- یە مریکی ببینن:

Kurdishamerican.org